# ژنانی شاخ و پێشمەرگایەتی



**هاوڕێ خەدیجە**

ژن.. ئەو مرۆڤە خۆنەویستە خزمەتگوزارە مەزنەیە کە ئەم کۆمەڵگەیەی پێکهێناوە و لەیاسای ژیانی مرۆڤایەتیدا بە نیوەی کۆمەڵ ناوزەدکراوە...

لەکۆمەڵگای کوردەواریشدا ژن ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە چی لەپۆستەکانی (سیاسی-ئیداری-کۆمەلایەتی-سەربازی)، زۆر نمونەی زیندو هەن کە مرۆڤ زۆر وشیارانە لەرووی پێکاندنی کاروکردەوە هەڵسەنگاندنی لەسەر دەکات.

هەموو ئەو ژنە قارەمانانەی لەسەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەرابەرایەتی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) وەکو پێشمەرگە بوون و ئەبێت زۆر لەو ڕاستیانە بە ئەمانەتەوە باس بکەین بۆ مێژوو نەك ترش و خوێی پێوەبکەین و بەئاقارێکی دیکەدا بۆ خودی خۆمان وەکو ژنان بقۆزینەوە و خراپەکانیش لەئەستۆی خۆمان دابماڵین و وەلاینێین..

ئێمەی ژنانی شاخ وەکو(ژن و هاوسەری پێشمەرگە) ڕاستە لەهەموو نەهامەتی و ناخۆشی و برسێتی و سەرماو گەرماو گرتن و کوشتن و نەبونی بژێوی ژیان و دابران لەکەس و کارو دور لەدۆستان.. هەروەکو زۆرینەی ئەو پێشمەرگە دلێرانەی کە چەکی بەرگرییان رووەو دوژمن گرتووە و داکۆکی لەمافەکانی گەل و خاك و نیشتمان دەکات، بێگومان ئەو ژنانەی کەلەشاخیشدا بوون لەهەمان موعاناتا ژیاون و گیانی خۆشیان بەخشیوەتە ئەم خاکە هەروەکو براو باوك و هاوڕێ و هاوسەرەکانیان لەگەڵ خزمەت کردنی پێشمەرگە و جل شتن و نانکردن و بەخشینی خۆشەویستی دایك ئاسای ژنانی شاخ بۆ پێشمەرگە ئەوە خۆی لەخۆیدا بەشێکی گرنگی ئەو خەباتەیە کە ئەمرۆی دروست کردووە، بەلام مەخابن وەکو پێویست تاکو ئێستا هیچ کەس و بەرپرسێك، دام و دەزگایەك بەتەنگ ئازارەکانی ئێمەی ژنانی شاخەوە نەهاتوون و ئاوری پێویستیان لێ نەداوینەتەوە، هەر بۆیە لەرێگەی رۆژنامەی (دێرین)ەوە ئازاری ژنانی شاخ بە فیعلی وەکو پێشمەرگە بوونە بکرێتە مەو زوع یان مەسەلەیەك وە حسابی تایبەتی بۆ بکرێت وەکو وەفا یان پاداشتی ئەو خەبات و کەبەئازایەتی و لەخۆبوردووی ژنان و، وەفایان بۆ هاوسەرەکانیان بەدەستیان هێناوە.

ئێوەی بەرێزیش وەکو ئەنجومەنی بالای پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان موعاناناتی شوێنی نیشتەجێبوون و کەمی مووچە و ڕێزگرتن لەخەباتەکەمان بخەنە روو و بەردەم پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێ کردن و داکۆکی کردن لەو فەرمانرەواپەی کەلەکۆمەڵگای کوردەواریدا واباوە کە دەڵێن: (ژن نیوەی کۆمەڵە) دەبا ئێمەش هەست بەو ڕێزە بکەین و ئێوەی بەڕێزیش پشتیوانی ژنانی شاخ بن..

# چۆن سامان لەنێوان ژن و پیاودا ئاڵوگۆڕدەکرێت؟

**نووسینی: د: عەبدولحەلیم سەمعان**

**وەرگێرانی: ژیلا**

دەگمەنە ژن بە تەنیا بارقورسیی دارایی خێزانەکەی بگرێتە ئەستۆ. بەڵام بێکاری یان نەبوونی کارێك بۆ پیاو لەوانەیە ئەمە بسەپێنێت، زۆربەی پیاوان هەستدەکەن کاری ژن لەبەهای خودێتی، ئەمان کەمدەکاتەوە.

ژن کاردەکات، چونکە کرێی ئیشکردنەکەی زۆر یارمەتی سوککردنی بارقورسایی خێزانەکەی دەدات. بەڵام ئەم پابەندبوونە زۆربەیجار پیاوان، بە ئازارو خەفەتەوە، پێی رازی دەبن. هەندێك لەپیاوان هەستدەکەن کارکردنی هاوسەرەکانییان ئازادی هەڵسوکەوت و بریاریان، پێدەبەخشێت، ئەم ئازادییەش لەهەندێك مەترسی چاوەڕوانکراو بەدەر نییە (لێکۆڵینەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، زۆربەی زۆری حاڵەتەکانی تەلاق لەم سەردەمەدا لەلایەن ژنانی ئیشکەر یان یان فەرمانبەرەوە داوادەکرێت، چونکە خاوەنی سەربەخۆیی ماددی خۆیانن و ئەمەش پشتبەستن بە هاوسەرەکانییان یان خێزانەکانییان دەیانبەخشێت).

قبوڵکردنی پیاو یان رەزامەندی پیاو بەرامبەر کارکردنی ژن بەشێوەیەکی ئاشکرا بەرهەڵستی ناکرێت، بەلام لەوانەیە کاردانەوەی دیاریکراو لەسەر هەندێك مەسەلەی ماڵ وخێزان، هەبێت، هەر لەفەرامۆشکردنی پێوەکردنەوەی قۆپچەی کراس و ئامادەکردنی خۆراکەوە تاکو دەگاتە لەبیرچوونەوەو دواکەوتن لەکاتی سەردان و گەشتەکاندا: ئەو پیاوەی بە کارکردنی ژنەکەی رازی دەبێت تاکو ئاستێك لەئارلکوین Arlequin دەچێت کە تەپلێکی بە منداڵەبچکۆلەکەی بەخشیی و پێی وت "بە باشی یاری پێبکە، بەڵام هیچ دەنگە دەنگ نەکەیت".

هاوکاریکردنی ژن وپیاو لەهەڵگرتنی یان لەئەستۆگرتنی بارقورسیی دارایی خێزاندا، بە دەگمەن نەبێت، نەخشە بۆ دارێژراو نییە، زۆربەیکات بەشێوەیەکی شاراوە دەبێت، بە تێپەڕبوونی رۆژگار ئەو هاوکارییە سیستماتیك دەبێت.

بەڵام ئەگەر ئەم مەسەلەیە بە رەزامەندی چارەسەر نەبوو، ئەوا دەشێت بیرێتە لای قەزا یان دادگا. بەڵام پەنابردن بۆ قەزا هیچ کاتێك ئەو گیروگرفتانە چارەسەرناکات، کە دابەشکردنێکی دژبەیەك لەخۆیدەگرێت.

- بەو بەهانەیەی پیاو، پێویستە ژنەکەی بژێنێت.(LN) ی فەرمانبەر کە خاوەنی بودجەیەکی بەرز بوو، ئەوەی رەتکردەوە هاوکاری نەفەقەکردنی ماڵ و خێزانەکەی، بکات، دوای ئەوەی هەستیکرد کە هاوسەرەکەی، قۆرغی دەکات..ناکۆکییەکی شاراوە و گیروگرفتی زۆر لەنێوانیاندا دەستیپێکرد. پیاوەکە هەوڵیدەدا بودجەی ژنەکەی بۆ پارەی ئەو ئەپارتمانە تەرخانبکات کە کریبوویی و برە پارەیەکی زۆریشی لەبانك قەرز کردبوو، (LN) هەستیدەکرد مێردەکەی بەهۆکارێکی گونجاوەوە دامالین لەموچەکەی بە مۆڵی، لێی بەکاردەهێنێت و نەیدەتوانی بۆ حسابی تایبەتی خۆی هیچ پارەییەك پاشەکەوت بکات.

زۆرجار تێبینی دەکرێت هەندێك لەپەیوەندییە تەقلیدییەکان، هیچ کاتێك بە کارکردنی ژن یان هاوبەشیکردنی دارایی ژن، ئەو کاریگەرەی نابێت. هەر هاوبەشێك (ژن و پیاو) بە بەشێك لەپارەکەی هاوکاریدەکات و لەبەرامبەردا مافە تایبەتییەکانی، دەپارێزێت. پیاو ناتوانێت بەرگەی ئەوە بگرێت کە لەوێنە تەقلیدییەکەی دابمالرێت، هەرچی ژنە هەست بە گوناە دەکات، لەو حالەتەدا ئەگەر هەستیکرد هاوسەرەکەی دابرپوە یان جێگەی ئەوی گرتۆتەوە.

بودجەی ژن بەدەگمەن نەبێت لەبودجەی پیاو زیاتر نییەو ئەگەر ئەمە رویدا نابێتە هۆی هیچ گیروگرفتێکی دیاریکراو ئەگەر دوو هاوبەشەکە بروایان بەو پێوانە یان پێودانگانە بۆ بەهاکان هەبوو کە بە تەواوەتی جیاواز بوو لەپێودانگەکانی سامان و ماددە.

**سەرچاوە:**

سایكولوجیة الحیاة الزوجیة

# جیاکاری و چەوساندنەوەی ژن لەنێو کایە کۆمەڵایەتیەکاندا

**کاروان ئەنوەر**

چەوساندنەوەی رەگەزی مێینە لەپێش هەر شتێکداو لەپێش ئەوەی وێنەیەکی یاسایی و سیاسی وەربگرێت چەوساندنەوەیەکی کۆمەلایەتییە کە لەدامەزراوەی خێزانەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە سەرەکیترین کایە کۆمەلایەتییەکان و لەوێشەوە ئەم کێشەیە رەنگێکی یاسایی و دەستوریی وەرگرتووە هەڵەنییە کە هۆکاری بنەرەتی جیاکاری و چەوساندنەوەی ژن لەکایەکانی تردا گرێ بدەینەوە بەکایە کۆمەلایەتییەکەوە، کەژنی وەك مەخلوق و کائینێکی کەمتر لەپیاو سەیر کردووەو ناچاری کردووە نۆچ دابدات لەبەردەم ویستی رەگەزی نێرینەدا کەویستێکە بۆ چەوساندنەوەو کۆنترۆڵکردنی ئەوی دی ژن.

تۆ سەیر بکە هەر لەسەرەتای لەدایك بوونی منالێکەوە کە کچە، ئەو جیاوازییە رەگەزییە دەست پێدەکات لەوەی کە پێشوازیکردنی کۆمەڵ و خێزان لە لەدایك بوونی کچێك زۆر سادەترە وەك لەلەدایك بوونی کورێك، بەڵکو هەر مایەی پێشوازیکردن و خۆشحاڵی نییە، دوابەدوای ئەوەش لەپرۆسیسی ناولێنانی هەریەك لەکچ و کوردا بەر لەحالەتێکی لەم چەشنە دەکەوین ئەمیش بەوەی ناوی کچان دەنێین(ناسك، تریفە، خونچە، سروە..) لەبەرامبەریشدا ناوی کوران دەنێین (پۆلا، تۆڵە، سەرباز، بەهێز، سەرچڵ، سەرکەش..) خۆی لەخۆیدا ئەم ناولێنانە هەنگاوێکی سەرەتایی و گرنگی سایکۆلۆژی و عەقڵی سیستمی پاتریارکییە بۆ جیاکردنەوەی دوو رەگەزەکە لەیەکتر، رەگەزێکیان کە مێینەیە ناسکترو لاوازترو سۆزدارترە لەرەگەزەکەی تر کە نێرینەیە، بەم پێیەش هەریەکەیان هەڵگری ناوو نازناوێك دەبن کەلەگەڵ خەسڵەت و تایبەتمەندییە فسیۆلۆژی و بایۆلۆژییەکانیاندا هاوتەریب بێت، کەلەروانگەی عەقڵیەتی باوکسالارییەوە جیاوازییە فسیۆلۆژی و بایۆلۆژییەکانی ئافرەت مایەی نەگبەتییەو فاکتۆرێکیشە بۆ ژێر دەست کردن و رەوایی دان بۆ ملکەچ پێکردنی رەگەزی مێینە..

ئەمە تەنیا دەتوانێت ئەوەمان بیربخاتەوە کە چۆن رەگەزی سپی (سپی پێست) شەرعیەتێك دەدا بەخۆی، بە بیانوی جیاوازی رەنگی پێستەوە پاکتاوی زنجی و (قولە) رەشەکان بکات، هەمیشە رەگەزی ئەنگلۆسەکسۆنی بەبەهانای رەگەزی بالاو شانازی کردن بەچاوی شین و پێستی ناسکی سورباوی خۆیانەوە ژیانیان لەئەفریکاییەکان کردە دۆزەخێکی زەمینی، لەکاتێکدا ئەم حالەتە وارێکی رێژەییە بەلکو بەپێچەوانەوە لەچاویلکەی رەشەکانەوە (سپی) بوون ئەوپەڕی ناشیرینی بوون، و بێزاویی بوونە هەروەکو کۆمەڵناسی ناسراوی عێراقی (د. عەلی ئەلوەردی) نموونەیەك لەم بارەیەوە دەهێنێتەوە کەچۆن کۆمەلە رەش پێستێك گاڵتە بەسپی پێستێك دەکەن چونکە زۆریان لەلا ناشیرین بووە.. ئەم هاوکێشەیەو ئەم جیاکارییەی نێوان دوو رەگەزەکە بەبیانوی جیاوازی فەسلەجییەوە دەمانخاتە بەردەم کۆمەلێك پرسیارو تێرامان: ئەی بۆچی جیاوازییەکانی پیاو نەبۆتە فاکتۆری نەگبەتی و چەوساندنەوەی نێرینە؟ تەنانەت لەقۆناغێکی دەسەلاتی رەهای دایکدا (ماتریاریکی) رۆژێك لەرۆژان پیاو نەچەوساوەتەوە بەڵکو شتێك نەبووە کەناوی چەوساندنەوە بێت، چ هێزو کارکردێك وادەکات کۆمەلە جیاوازییەك ببێتە هۆی چەوساندنەوە؟ یان گریمان ژن لەهەموو رویەکەوە لەپیاو کەم هێزترو کەم توانا ترە ئەی چ لۆژیکێك رێگە دەدات بەپیاو لەسەر سترۆکتۆری ماسی گەورە ماسی بچوك دەخوات، ژن بچەوسێنێتەوەو ئازاری بدات و بیکات بە پاشکۆی خۆی؟

دواتر بڕوانە چۆن لەچوارچێوەی خێزاندا جیاوازی دروست دەکرێ لەنێوان منداڵانی کچ و کور، هەرلەسەرەتاوە کچ رادەهێنرێ و فێردەکرێت پابەندی چوار دیواری ماڵ و چوارچێوەی خێزان بێت و هێدی هێدی دەبێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ژیانی چێشتخانەو دواجاریش ببێتە باشترین کابان، لەهەمان کاتدا پارێزگاری لەشەرەفی بنەماڵە بکات کەراستەوخۆ بەجەستەی ئەوی مێینەوە نوساوەو لەهەر خروقاتێك لەدەرەوەی تراديسيۆنی خێڵ و کلتوری بنەماڵە شەرەفی بنەماڵەو خێڵ روشاوەو ئەوکەسەشی لاساری و سەرپێچیەکی لەم چەشنە بکات، ژیانی مەحکومە بەمەرگ چونکە لەدیدی پیاو سالاری و خێڵگەراییدا بەهای شەرەف لەسەروو هەموو بەهاکانی ترەوەیە تەنانەت لەسەرووی ژیانی مرۆڤێکەوەیە، بەڵام لەبەرامبەردا کور بژێوەو بەشداری چالاکی وەبەرهێنان دەکات و ئەکتیڤانە رۆڵ لەژیانی ئابوریدا دەگێرێت و دەبێت هەرلەسەرتاوە وێنەیەکی بچووککراوەو فۆتۆکۆپیکراوی باوکی خۆی بێت و جێگەی وی بگرێتەوە، ئەم کائینەی کە کورە پێویستە شەرم نەکات و قسەی لەسەر هەموو شتەکان هەبێت و رۆڵی کارەکتەری باوك نمایش بکات لەغیابی باوکدا جا غیابی کاتی بێت یان بەردەوام.

لێرەوە دەبینی کۆمەڵگەیەکت هەیە لەسەرەتای ژیانی ئەو دوو مرۆڤەوە کە ناونراوە نێرو مێ بەشێوەیەکی دینامیکی و توندو تیژ کارلەسەر جیاکردنەوەو دوورە پەرێزیان لەیەکتر دەکات و دەیەوێت بەهەریەکێکیان بلێ تۆ خاوەنی تایبەتمەندی خۆتیت و پێویستە سوننەت و یاسای ژیان خەسڵەتی رەگەزی خۆت بپارێزیت، تۆی ژن دەبێ کەم قسە بکەیت و لەکاروباری پیاواندا بێدەنگی هەڵبژێیت و جوانترین ئەدگاری کۆمەلایەتیت بە (شەرەف)ی و شەرمنییە، هەروەکو ئەو پەندە کوردییەی کە دەڵێ: (پیاوی شەرمن شانەیەك ناهێنێت، بەڵام ژنی شەمن شارێك دەهێنێت) بەلام ئەوەی پیاو بێت بەچاوو رووبێت و بەردەوام ئامادەیی لەکۆڕو کۆبونەوەی پیاواندا هەبن، هەموو چالاکیەکانی ژیانی خێزان بگرێتە ئەستۆی خۆی، بەم شێوەیەکار لەسەر هەردوو رەگەزەکە دەکرێت بەتایبەتی لەتەمەنی هەرزەکاریدا کەبەتەواوی لێکدی جوێ دەکرێنەوە زۆریش دوورە پەرێز دەبن لەیەکترو تەنانەت نامۆن بەیەکترو کەمترین زانیاریان بەیەکدی هەیە هاوکاتیش لەهەناوی خێزاندا کور وەك شازادەیەك مامەلەدەکات و قسەی زیاتر دەخوات و زیاتر گوێی لێدەگیرێت و بایەخی پێدەدرێت تەنانەت لەزۆرترینی ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بەژیان و چارەنوسی کچ یان خوشکەوە هەیە ئەوەندەی گوێ لەباوك و برا دەگیرێ نیو هێندە حساب بۆ بۆچونی کچە یان خوشکەکە ناکرێت ئەمە بەتایبەتی لەمەسەلەی زەواجدا، هەربۆیە دەبینین لێشاوێك لەزەواجی زۆرە ملێ دروست دەبن کەلەهەناویدا خێزانی ناتەندروست سەر دەردەهێنێ و دواجاریش نەوەیەکی سەقەت و نەخۆش بەرهەم دەهێنێ.

لەلایەکی ترەوە ئەو پۆلێن و جیاکارییە دەستدرێژی دەکاتە سەر کۆی لایەنەکانی ژیانی مێینە بەتایبەتی لەمومارەسەکردنی رەمەکی سێکسیدا، چونکە ئامێری زاوزێ کردن و کۆی جەستەی ئافرەت(عەورەت)ەو سنورێکی قەدەغەکراوو مین رێژکراوە کە خواوەند لەقولایی ئاسمانەوە نەهی کردووە لەبەر یەککەوتنی لەگەڵ جەستەی نێرینەدا، هەربۆیە هەرنزیك بونەوەیەك لەیەکتری بریتی دەبێت لەشکاندن و بەزاندنی سنوری خواوەند کە گەورەترین تاوانە لەژیانی مرۆڤێکدا و دەبێتە مایەی نەفرەتی ئاسمان و هاوکات لێسەندنەوەی ژیان لەسەر زەوی هەرئەمەشە بۆتە هۆی بەرپاکردنی کوشتارێکی بێشومار لەژنانی ئەم ولاتە بەناوی پاراستنی شەرەف و کرینەوەو شوشتەنەوەی ناموسی تکاو!

ناموس پەرستی کەرەگەزێکی کوشندەی کوردەوارییە یەکێکە لەو نەریتە قێزەونانەی تیرۆرو کوشتنی ژنانی کردۆتە کردەیەکی ئاسایی بگرە پڕ شانازی و بەختەوەری، دەبینین ئەو قارەمانانەی (کەدەستیان چۆتە گیانی خوشك ودایك و کەس و کارییان بەناوی پارێزگاری کردنی شەرەفەوە مایەی خۆشحالی خەلکن و هەروەك ئەوەی سەروەریە) سەربەرزانە بەسەر زەویدا دەرۆن و لەکۆری پیاواندا شانازیی بە کردەوەکەیانەوە دەکەن و کۆمەڵگەش پەنجەی شەرەف و خاوەن ناموسیان بۆ درێژدەکات. ئەم کلتوری کوشتن و برینە کە رەگی لەمێژووی کوردا داکوتاوە یەکێکە لەنەریتە پریمتیڤ و نێگەتیڤەکانی کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا وەك تاپۆیەك و وەك هەرەشەیەك بەسەر سەری هەر ژنێکی کوردەوە ئامادەیی هەیە، کاتێکیش دەڵێین ئەم نەریتە، نەریتێکی کوردییە بەو مانایە نییە کەژن کوشتن لەنێو گەلانی تری دنیادا بوونی نییە، بەلام ژن کوشتن و بەهانای کوشتن لەولاتانی تر رەهەند و ماناو هۆکاریی تری هەیە، کاتێك لەسوید ئافرەتێکی بەرەسەن سویدی دەکوژرێت بەمانای پارێزگاریی کردن نییە لەشەرەف بەقەدەر ئەوەی ماناو ناولێنانی تری هەیە، چونکە لەوێندەر مومارەسەی سێکسی پرۆسیسێکی ئاساییە و هیچ تاپۆیەکی سویدی لەکتێبیکدا بەناوی (لەژێر لێفە پەمەییەکەوە) شانازیی بەکۆمەڵگەکەیەوە دەکاتکە منداڵانی بێژووی ناوناوە(منداڵانی عەشق)، بەلام کوشتنی (فاتیمە شاهیندال) لەلایەن باوکییەوە راستەخۆ کوشتنێکی شەرەفی بوو کە باکگراوندەکەی کلتوری کوردییە و بەشێك بوو لەپرۆسەی گێرانەوەی ئابرووی تکاوی بنەماڵە، هەرچەندە خەلکانێکی زۆر بەتایبەتی لەناوەندی رۆشنبیریی(ئەنتجلنسیا)ی کوردیدا هەولدەدەن ریشەی ئەم نەریتە بەرنەوە بۆ قورئان و ئیسلام و دین تۆمەتبار بکەن بەلام لەگەلێك سیاق ورووی جیاوازەوە دەتوانین بگەینە ئەو بڕواو ئاکامەی ئەم کلتورە پەیوەندیەکی زۆر لاوازی بەدینی ئیسلامەوە هەیە کە دەکرێت بلێین بەتالەدەزویەکی زۆرباریك پێوەی بەستراوەتەوە، ئێمە نالێین هیچ پەیوەندیەکی بەئیسلامەوە نییە و ئاینی ئیسلام ژنی وەك پلەدوو سەیر نەکردووە، تەواو بە پێچەوانەوە پێمان وایە کە ئیسلام کەمترین رۆلی سەنگی لەم کردەیەدا هەیە.

ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی لەقورئاندا ئاماژە بەوە دراوەکە هەر (زانی-زانیا) یەك کە هێشتا کورو کچن نەچونەتە ناو بازنەی هاوسەرییەوە بە گەواهیدانی چوار کەسی هۆشمەند دارکاری دەکرێن بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی رەگەزیی، وەئەگەر چووبونە ناو حەلقەی هاوسەرییەوە و پەیوەندی غەیرە شەرعیان دروست کرد دیسان بە گەواهیدانی چوار کەس هەردووکیان پێکەوە سەنگەسار دەکرێن، بەلام کەلتوری کوردی نەریتی کرینەوەی شەرەف بەبێ ئەوەی پێویستی بە گەواهیدان هەبێت بە تەنیا ئافرەتی تێدا تاوانبار دەکرد و هەربەتەنیا ئەویش دەبێتە قوربانی ئەم نەریتە، بەپێچەوانەشەوە پیاو شانازی بەکارەکەیەوە دەکات و وەك بەسەرهات و پالەوانێتی لەکۆڕو کۆمەڵدا دەگێڕێتەوە، ئالێرەوە دەگەینە ئەو قەناعەتەی چەوساندنەوەی ژن بەرلەهەموو شتێك چەوساندنەیە لەکایە کۆمەلایەتییەکان، هەر لەژێر رۆشنایی ئەم رستیەشدا بەو ئەنجامە دەگەین گۆرینی یاسا بەدیاری کراوی یاسایی باری کەسێتی عێراق کە ئیلهامی لەسیستمی پیاوسالاری و ئیسلامەوە وەرگرتووە و جەخت لەسەر چەوساندنەوەی ژنان دەکاتەوە بەبێ کارکردن بۆ گۆرین ووەرچەرخاندنی کلتوری کۆمەڵگە هەولێکی ئیفلیج و ناتەواوە، کەواتە لەپال گۆرینی یاسادا پێویستمان بە پرۆسیسێکی مێژوویی هەیە بۆ گۆرینی تراديسيۆن و بونیادە کەلتوریەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری، کە کۆمەڵگەیەکە یەکێك لەپایە کەلتوریەکانی خۆی لەسەر چەوساندنەوەی ژنان و جیاکاری نێواندوو رەگەزەکە راگرتووە.